# سەیدسادق لەنێوان فشاری دەسەڵات و فشار لەسەر دەسەڵاتدا

✍️ دیاری خالید

لەو شێوە حکومڕانی و بەڕێوەبردنانەی هاوشێوەی هەرێمی کوردستان، بەردەوام فشار دروست دەبێت. فشار لەلایەن دەسەڵاتەوە بۆ خەڵکەکەی و دواتر ڕەوانەوەی فشاری پەنگخواردووی خەڵکی و فشار بۆ سەر دەسەڵات.

زۆرێك لە بەرپرسان و دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان، بۆ گەیشتن بە مەرامەکانیان، چەندین ڕێگایان بەکار هێناوە، هەر لە فێڵ و بەلاڕێدابردنی خەڵکی، تاکو بەتاڵانبردنی سەروەتی گشتی و چەندین شێوازی تر. بۆ ئەمانە، ترس و تۆقاندن



و ئەشکەنجەدان و کوشتنیان بەکار هێناوە.  لە ئەنجامی ئەمەش فشاری دەسەڵات خەڵکی بەرەو تورەبوون و کپکردنەوەی زیاتر بردووە. وەك ئەوەی چارەکە سەدەیەکە لە هەرێمی کوردستان و بە تایبەتیتر لە سەدیسادق بوونی هەیە.

کە دەوترێت سەیدسادق، زیادەڕۆیی تێدا نییە، بەم پێیەی دەسەڵاتی کوردی زۆرترین زوڵم و ناهەقیی بەرامبەر ئەم قەزایە کردووە، ئەگەرچی لە ڕابوردوودا قوربانییەکی زۆری داوە. لە هەمان کاتدا ناوچەیەکی گرنگ و پێگەیەکی بەهێزی هەیە، بەڵام هیچ کام لەمانە لەبەرچاو نەگیراون و بەردەوام چەپێنراوە. ئەوانەشی لە نزیکەوە ئاگاداری ئەو شارەن و سەردانیان کردووە، تێگەیشتوون چەند زوڵمی لێ کراوە و چەندە کراوەتە قوربانی ململانێی ناشەریفانەی حیزبەکان و لەپاڵیشیدا هەستی ناوچەگەری.

ئەو جۆرە ڕەفتار و مامەڵەکردنەی دەسەڵات و فشاری بەردەوامی، هەستی غەدرلێکراوی لای خەڵکەکەی دروست کرد، ئەگەر چی بەشێکی کەم لە حیزبییەکانی ئەو شارە ئەمەیان دەشاردەوە و گوێیان لە خەڵکی نەدەگرت  و ڕەچاوی نیگەرانی و نارەزایەتییەکانیان نەدەکرد و فشاریان بۆ شاردنەوەی کەموکورتییەکانیان دروست دەکرد، ئەمەش خەڵکەکەی زیاتر نیگەران دەکرد، تا ئەو کاتەی کە بڕیاری بەپارێزگابوونی هەڵەبجە درا و دەرفەتێك  بۆ خەڵکی ئەو شارە هاتە ئاراوە تاکو ڕاپەڕن و چیتر بیدەنگ نەبن. نەك لەبەر بەپارێزگابوونی هەڵەبجە و پێیان ناخۆش بێت، بەڵکو لەبەر گوێ پێ نەدانیان، چونکە ماوەیەکی زۆر بوو دەسەڵات گوێی لێ نەدەگرتن و باکی پێیان نەبوو. لەمەوە ساڵێك پێش ئێستا خەڵکەکە ئەو بێدەنگییەیان کردە زەنگێك وەك دەنگدانەوەیەکی گەورە لە گوێی بەرپرسە نووستووەکانی شارەکە. دوای خۆپیشاندانەکە، نەك تەنها بەرپرسانی ئەو شارە و پارێزگاکە، بەڵکو بەرپرسانی

هەرێمیشی هێنایە سەر خەت و بەدەمەوە هاتن دروستبوو، بەڵام خەم و ناخۆشیی خۆپیشاندانەکان لەوێدابوو کە شەهیدکردنی گەنجیکی بە ناوی (بڕیار حەسەن) لێ کەوتەوە و لەگەڵ برینداربوونی چەندین کەسی تر. ئەمە سەرەتایەك بوو بۆ بەئاگاهێنانەوەی بەرپرسان و فشار لەسەر دەسەڵات دروست بوو.

خۆپیشاندانەکە جیاواز بوو لە خۆپیشاندانەکانی تری هەرێم، زۆرینەی خەڵکی شارەکە بەبێ جیاوازیی حیزبایەتی، لەگەڵی بوون، چونکە داواکانیان پەیوەندیی بە ژیانی گشتییەوە هەبوو. لە هەمان کاتدا فشارەکانی سەر دەسەڵات، بەرهەمی خێرای هەبوو، وەك دەرکردن و دوورخستنەوەی هەندێك لەو بەرپرسانەی کە بەوە تۆمەتبار دەکران دەزگا گشتییەکانی شارەکەیان بەرەو داڕزان بردووە. لەگەڵ ئەمانەشدا، بۆ یەکەم جار بەرەی دەسەڵات و بەرەی خەڵکی دروست بوو، بە جۆرێك سەرجەم حیزبە گەورەکان لەبەرەی حکومەت بوون و هیچ هێزیك ڕاستەوخۆ پشتیوانیی لێ نەدەکردن.

دروستە بوترێت تاکە خۆپیشاندانی خۆڕسك و جەماوەرییە لە کوردستاندا، کە مەرام و مەبەستی سیاسیی لە پشتەوە نەبوو، تەنها مەبەستیان داواکارییە سەرەتاییەکانی ژیان بوو و پێویستە هەموو هاووڵاتییەك ئەو مافانەی بۆ دابین بکرێت.

ئەنجامی ئەو فشارانەی سەر دەسەڵات، وەك باس کرا، بەهۆی فشاری دەسەڵات خۆیەوە کە نزیکەی چارەکە سەدەیەکە دروستی دەکات و لە سایەی خوێنی شەهیدەکەی شار و ماندوبوونی چەند کەسێك، کۆلێژێکی بەرهەمهێنا، جگە لە چەندین داواکاریی تر. لەئێستادا لەبەر بارودۆخی کوردستان، خەڵکەکە وەك هەڵوێستێك بێدەنگ بوون.

لەمەوە دروست نییە دەسەڵات بە هەمان دۆخی پێش خۆپیشاندانەکە فشار دروست بکاتەوە، بەتایبەت دوای گۆڕین، یاخود دابەشکردنی پۆستەکانی شارەکە لەنێوان حیزبەکاندا، کە دەرفەتێکی باشە تاکو سەیدسادق لەو پەراوێزییە ڕزگار بکەن، بۆئەوەی هەمان فشار لەسەر دەسەڵات بە شێوەی حەماسییانە دروست نەبێت و خوێنی گەنجانی شارەکە نەڕژێت و مەترسی بۆ سەر بەرپرسانیش دروست نەبێت لەلایەن خەڵکییەوە، بەو پێیەی لە ململانێی نێوان (فشاری دەسەڵات و فشار لە دەسەڵات)دا، ئیرادەی خەڵکی براوە دەبێت.